قوربانیانی جەنگی نێوان حەماس و ئیسرائیل لە (160) هەزار کەس نزیك بوونەتەوە



ئەمە شەممە، وەزارەتی تەندروستی غەزە رایگەیاند: قوربانیانی جەنگی نێوان بزوتنەوەی حەماس و سوپای ئیسرائیل لە (7ــی تشرینی یەکەمی 2023)ــەوە بە نزیکەی (160) هەزار کەس بەرزبوونەتەوە کە لەو ژمارەیە (48) هەزار و (181) گیان لەدەستدان و (111) هەزار (638) کەسی دیکە بریندابون.

وتیشی: دوای ئاگربەستی جەنگی غەزە، بە یەکەمجار تەرمی (26) هاوڵاتی گەیەندراونەتە نەخشخانەکە (22) تەرمیان لەژێر تەلار و باڵەخانە روخاوەکاندا دەرهێنراونەتەوە، هەروەها چوار تەرمەکەی دیکەیان تازە گیانیان لەدەستداوە، لەگەڵ پێنج بریندارەی دیکە.

ئاوێیخستوونەتەوە، دوای تەواوبونی کەردنەوەی زانیاری و تەمارکردنی داتاکانیان و پشندکردنی لەلایەن لیژنەی دادوەری، فایلی (572) گیان لەدەستدان تەمارکراوە کە تای ئستا تەرمەکانیان نەدەزراونەتەوە.

وەزارەتی تەندروستی غەزە ئاماژەی بۆشکرد، لەکاتی هێرشەکانی سوپای ئیسرائیل بەسەر هاوڵاتیانی

مەدەنی، ژمارەیەکی زۆریان لە ماڵەکانیاندابون، بەهۆی روخانی تەلار و باڵەخانەکان بەسەریاندا چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی قوربان بەگشتی و گیان لەدەستدان بەتایبەتی زۆر زیاتر بێت، بەهۆم لە ئێستادا تیمەکانی تەندروستی و بەرگری شارستانی ناتوانن بەباشی بەدواداچونەکانیان بکەن.